

ئەڵماس مستەفا

**لەبیرمکە**

هیچ ئێوارەیەك نامباتەوە سەر ژوانی

تەنیایی ئەوساتانەی لەگەڵ یەك بووین

هیچ زەمەنێك ئاوڕ بۆ دواساتی

ئەم ماڵئاواییەمان ناداتەوە

هیچ خۆزگەیەك شەفاعەت

بۆ بێداری فرمێسكی وەریوی

نیگاكانمان ناكا

تازە بەسەر چوو ئەو ڕۆژانەی

پێم ئەوتی بێتۆ ناژیم.

ئەڵماس مستەفا